# ئەو نامانەی بوون بە بەڵگەی مێژوو!

**عەلی عەبباسی**: کارمەندی پێشووی ڕادیۆی کوردی- نووسەر و چیرۆکنووسی ڕادیۆ

..........بە هەواڵی ڕێزگرتن لە ٧٠ ساڵ تەمەنی خوالێ خۆش بو حەسەن زیرەك زۆر کەیف خۆش بووم،هیوام ئەوەیە کە هەمیشە لە ڕێگای خزمەت بە فولکلۆر و فەرهەنگی نەتەوەکەت دا سەرکەوتو بیت، بە ڕاستی هەنگاوێکی باشە بەڵام ترسم لەوەیە کە قالە مەرە و مێدیای زەندی نەتوانن ویزای آلمان وەرگرن و کۆڕەکە کۆنەبێ.
بێ گومان زیاتر لە چونیەتی کارەکە ئاگادارم دەکەی و «بەرواری!!» دەقیقی پرۆگرامەکەم پێ ڕادەگەیەنی چون لە گەڵ زۆربەی کوردەکان کە قسەم کردوە هەموو ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لەم ئاهەنگەدا دەربڕیوە تەنانەت ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئالمانیش دەژین- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

19-8-96 فرانکفورت

........زۆرم پێ خۆش بو بزانم دەقی بەرنامەی ڕێزگرتن لە ژیانی حەسەن زیرەك چۆنە، ئایا تەنیا تایبەتی گۆرانی وتن وخستنە بەرباسی ژیانی ئەو هەیە وە یا خۆ جگە لەمە ئاهەنگێکی کە بەرێوە دەچی یان نا؟
لە سەر ژیانی ئەو شتێك نوسراوە یان نا، ئایا دەسترەسیت بە چریکەی کوردستان کە لە زەمانی حەیاتی خۆی دا زیرەك دەری خستوە هەتە یان نا. تکایە بە وردی بۆم بنوسە شاید بتوانم منیش یارمەتیت بدەم.
برات عەلی 10-9-96 فرانکفورت

---

**هێدی(ج.حەسەنپوور)**: شاعیر

.......پێموایە حەسەن زیرەك شایانی وەیە هەمووو ساڵێ یادی بکەیەوە و ڕێزی لێبگری. بەرنامەکەت لەو بوارەدا هەنگاوێکی بەجێیە و هیوامە بە سەرکەوتوویی بۆت بەرێوە بچێ. بە لەبەرچاوگرتنی بانگێشتنکراوەکان وێدەچێ بەرنامەکە چەند ڕۆژان بخایەنێ! پێموانییە ئەو هەمووە بانگکراوانە دەبەرنامەی شەوێکی سێ،چوار سەعاتەدا بگونجێن! بەڵام وادیارە هەناسەت لە جێیەکی گەرم دێتە دەر و لە خەرج و قورسایی بەرنامەکە ناترسی! هیوامە سەرکەوتووبی وئەو بەرنامەیەت بە باشترین شێوە بۆ بلوێ.
بەشبەحاڵی خۆم پێموایە لەو بوارەدا چم لە دەست نایە. هیوامە بتوانم وەك بینەرێك بەشداری بکەم. بۆ ئاگاداریت ماملێ بەداخەوە تووشی نەخۆشی فەرامۆشی (alzheimer) بووە و دەڵێن ئێستا کەس ناناسێتەوە! ماملێ و قالەمەرەش شایانی وەن بە تەنیا بەرنامەیەکی ڕێزگرتنیان بۆ دابنرێ. بە کورتی میوانەکانت هەموو جێی ڕێزن بەڵام سەرەرای وان پێموایە زۆر بەجێ دەبێ ئەگەر «مستەفا دادار» ببینییەوە وبانگی بکەی. بە راشکاوییەوە دەتوانم بڵێم کە هیچ دەنگێك ناتوانێ وەك دەنگی مستەفای دادار خۆ لە قەرەی دەنگی حەسەن زیرەك بدا. کە گۆرانییەکانی حەسەن زێرەك دەڵێتەوە دەڵێی حەسەن زیرەك زیندوو بۆتەوە و لە گەرووی مستەفاوە دەنگ هەڵدەبڕی. ئەگەر بڵێم هەر حەسەن زیرەك زیندوو بوتەوە،پێت سەیر نەبێ! - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

هێدی 17/7/96

**ئەنوەر سوڵتانی**: نووسەر و لێکۆڵەر و شارەزای مێژوو

.....لەمەر سەید عەلی ئەسغەر، براله بە هیچ تاریخێکی نازانم! ئەوەی پێم دەکرا ئەوە بوو دوای گەیشتنی نامەی جەنابت و ئەو سەرنجەی داوتەتە تاریخەکان،کە دەبێ سپاست بکەم،راگەیاندنێکم نووسی ونادرم بۆ 10 شوێنی جیاواز وەك رۆژنامە کوردییەکان و مەڵبەند وشتی وا، داوام لێکردن مەسەلەکە بە خەڵک راگەێنن. نوسخەم بۆ سروە وئاوێنەش نارد. لەوە زیاتریشم لە دەست نەدەهات.
بە بڕوای من ئەگەر تۆ ئەمساڵ خۆت بە کۆبوونەوە و کونفەرانسی حەسەن زیرەکەوە خەریك کردوە، لێی گەڕێ با ئەو بە باشی بەرێوە بچێت وپاشان خۆت ئامادە بکە بۆساڵی داهاتوو، کە شەستەمین ساڵی مردنی سەید عەلی ئەسغەرە. تا ئەودەم راگەیاندن وشتی وا بڵاوبکەوە وداوای هاوکاری لە خەڵک بکەو لە مانگێکی موناسیبی ساڵی ۹۷ دا(ئەگەر تاریخەکەی هەر نەزانرا)،پرۆگرامێکی رێك وپێکی بۆ پێك بێنە. بەڵکوو لەو ماوەیەدا،مەسەلەکە روون بوەوە و تاریخەکەشمان زانی.
- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
11/7/96
......کاکە ئەو پرۆگرامەی باست کردبو، گرینگ گرینگ و بەنرخە. داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم. منیش خەریکی پروپاگەندە کردنم بۆی. گۆران(حەسەن) دەڵێ شتی بۆ ناردووی,------. کاك ئەسعەدی سراج الدینی(مێردی پەروین خانمی مشیروەزیری) لە مێژە بەڵێنی داوە بابەت بنووسێ وبۆمی بنێرێ. لە مەر پەروین خانم بە بڕوای من، فیکرێکی باشە و منیش لە گەڵیاندا دۆستایەتی و هاتووچۆم هەیە. دەکرێ قسەی لە گەڵ بکەم و واهەیە قەبوولیش بێت.

......براله ئەو کارەی دەستت پێ کردوە،گەلێك مەزنە. تکایە ئەگەر ئەو هەمووو خەرجە دەکەی پروپاگەندەی بۆبکە، لە رۆژنامە وگۆڤارە کوردییەکان و تەنانەت ئاڵمانی دا رای گەینە. عەجەم چۆلەکەمان لێ دەکەن بە قەناری ئێمە با قەناریش نەکەین بە چۆلەکە! ئەوەندەی پێت دەکرێ گەورەی بکەوە واتە لە راگەیاندندا. لایەنی ئەمنیەتی کارەکەش بگرە بەرچاو بە تایبەت ئەگەر کەسانێك لە ئێرانەوە دێن.
پێشنیار: ئێستا کە ئەو هەمووو خەڵکە بانگ دەکەی، بۆچی یەکێ لە کچەکانیشی بانگ ناکەی بێت. تەنانەت ئەگەر نەیەوێت یا نەتوانێت بێت، هەر هەڵوێستەکە، هەڵوێستێکی باشە.
پێشنیارم ئەوەیە، بە هەمان شێوە ساڵی داهاتوو پرۆگرامێك بۆ سەید عەلی ئەسغەر وەرێ بخەی.
تێکەڵاوکردنیان لە گەڵ یەك باش نییە. تەنانەت بۆ مامۆستا قادر دیلانیش دەتوانی بە شێوەی سەربەخۆ پرۆگرامێك دانێی(جگە لە هاتنی ئەمجارەی بە بۆنەی حەسەن زیرەکەوە). لێرە، دکتر ایرج امامی ئەوا سێ چوارساڵە لە جیاتی تئاتر وشتی وا خەریکی دانانی کۆنسیرتە. و بەبڕوای من گەلێك کارێکی باشە وسەرکەوتووشە. ئەوە بۆ کورد گەلێك گرینگترە وهێنانی کەسانێك وەك قالە مەرە و.. بۆ ئاڵمان، کارێکی مەزنە. تۆ ئەگەر بە بەر کاری شانۆوە، ساڵێ دوو مەراسمی ئاوا بەرێوەبەری زۆر باشە و لام وایە سەرکەوتووش دەبی. بەڵام بە بەر ئەو هەمووو خەرجەوە دەیکەی شتێك لە دەوروبەری ۲۰۰ یا ۳۰۰ پوند یا ۵۰۰ مارك دابنێ بۆ تەبلیغات. ئاگەهی بدە بە «کیهان لەندەن» و « الحیات» عربی و چەند گۆڤار و رۆژنامەی کوردی. رۆژنامە کوردییەکان هەر کامە بە ۲۵ پۆند ئاگەهییەکە بڵاو دەکەنەوە. وەك راگەیاندنیش هەرچی بنێری بۆ رۆژنامەکانی ئێرە، من بە خۆڕایی بۆت بڵاودەکەمەو. ژینی نوێ ومەڵبەند.
- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- - - - - - - - - - - - - - - - -
12/7/96
.....نامەی 16/8م گەیشتە دەست،سپاس
کاك مەزهەر نەگەراوەتەوە. کاك ئەسعەدی سراج الدینی وپەروین خانمیش پێشتر قسەی خۆیان کردوە وپێم راگەیاندبووی. - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

کاك ئەسعەد هەروەها داوام لێ کردبوو ووتارێك لە سەر حەسەن زیرەك بنووسێ کە دەیگوت نووسیومە و دوای پاکنویس کردن تا ئاخری ئەم هەفتەیە بۆت دەنێرم، ئەگەر بینێرێ، ئەوا منیش بۆتۆی دەنێرم. دەیگوت لەوێدا باسی هەندێ کەسم کردوە کە کاتی خۆی لە رادیۆدا پەیوەندییان لە گەڵ حەسەن زیرەك
هەبووە،لەوانە،مجتبی میرزادە,,یە، کە گوایە زۆرێك لە هەواکانی گۆرانی حەسەن زیرەك لە تاران و کرماشان،ئەو داپناوە وئێستا لە ,,لوس انجلس، دەژی. ئەگەر ژمارە تەلەفونیم بۆ پەیدا بێت لە خوارەوە دەینووسم دەنا دەکرێ لە کاك ناسری رەزازی بپرسی، کاك ناسر دەچێ بۆ ئەمریکا و رەنگە یەك دوو حەفتەی دیکە بێتەوە. بە بۆچوونی من هاتنی ئەو دوو کەسە زۆر هاسانە بەڵام ئیمکان و بودجەی ئێوە چەندەیە. ئایا باشتر نییە پسپۆڕانی مۆسیقا وەك ئەو میرزادەیە و دڵشاد وقادر دیلان لەوێ بن وبەس؟ خۆ دیارە ئەگەر پارەی کارەکەتان هەبێ، ئەوا ئەو برادەرانەش کە لێرەن و زۆر روح سووکن ومنیش زۆرم خۆش دەوێن، ئامادەن تکایە بە خێرایی وەڵامم بدەوە.
هەروەها ممنوون دەبم هەواڵی هاتنی کاك قادر(قالە مەرە)م پێ بدەی بزانین بە شێوەیەك دەتوانین بیهێنینە ئێرەش؟

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

لە مەر حەسەن زیرەك، داوام لە کاك ئەحمەدی شەڕیفی، کاکم، کاك حەسەنی گۆران و هێدی کردوە هاوکاریت بکەن. بۆ کاك ئەحمەدی شەڕیفیم نووسی ئەگەر بۆی دەکرێ لە کەسانی دیکەش داوای هاوکاری بکات بەڵام تا ئێستا وەڵام نەبوە. ئەو کاك «مجتبی میرزادە»یە کرماشانی یە وگوایە هونەرمەندێکی پایە بەرزە. بریا پەیوندیت لە گەڵی بگرتایە.. - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

20/8/96

.......کاك ئەسعەد و پەروین خانم ئامادەن بۆ هاتن. دەمێنێتەوە ئێوە چ کارێکتان هەیەو ئەوان چ دەورێکیان دەبێت. بە بڕوای من پەروین خانم کەسێکی ناسراوە و لەو سەردەمانەدا لە گەڵ حەسەن زیرەك کاری کردوە و زۆر شتی دیوە - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - کاك ئەسعەدیش گەلێك
بیرەوەری هەیەو دەتوانێ قسە بکات و ئیتر خۆتان دەزانن. تکایە بوئەوەی هەموووتان بە باشی لە یەکتر حاڵی بن راستەوخوش پەیوەندییان پێوە بگرە. - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

7/9/96

.....سپاسی نامەکەت و بە هیوای سەرکەوتوویی بەرنامەکەی حەسەن زیرەك.
وا بیرەوەرییەکی خۆمم لە پەیوەندیی چلەی حەسەن زیرەکدا نووسی. لام وابوو لەو مەراسیمە تایبەتە کەسی دیکە وەك من ئاگادار نەبێت وپێم خۆش بوو نەفەوتێت بەڵام تاریخەکەیم لە بیرنەماوە. تەنانەت نازانم حەسەن زیرەك چ ساڵێك کۆچی دوایی کرد. وەبزانم دەبێ لە نێوان ١٣٤٧ و ١٣٥٠ ئێراندا بووبێت. تکایە لە دێڕی یەکەمی نووسراوەکەدا، ساڵەکەی بنووسی. من جێگاکەیم خاڵی هێشتۆتەوە.
لە مەر مەراسمەکەی بۆکان، وەك خەون شتێکم لە بیرماوە. رەنگە ئەو ساڵانە تۆ لە بۆکان بووبێتی و شتی باشتر بزانی بەڵام دەکرێ لە سەر مەراسیمی بە خاك سپاردن و حەوتە وچلەو شتی وا، بابەت بنووسرێ.
قوربانت،
ئەنوەر 20/9/96

تێبینی ڕێداکسیۆنی ١٠٠ ساڵەی زیرەک:
- ئەو شوێنانەی کە بە خاڵ دیاریی کراون، بابەتی شەخسی بوون، کە لێرە بڵاونەکراونەتەوە.
- نامەکان وەک خۆیان لە ڕووی ناوەرۆک و ڕیزمان بە بێ دەستکاریی و بەڕۆژکردن، بڵاودەکرێنەوە.
- ژمارەی سەرجەم ئەو نامانەی بۆ نووسەران و هونەرمەندان لەمەڕ فستیواڵی ٧٥ ساڵەی زیرەک، بەڕێکرابوون، سەروی ٥٠ نامە بوو.